# The impact of Iran's nuclear program on relations between Western countries and the Islamic Republic of Iran after 2015

Handren Ahmad Eahya[1], Hazhar Rashid Shareef[2]
Politics and International Relations, Political Science and Management, Faculty of Law, Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2471.29*
*Published: 21/07/2024*

## Abstract

This paper aims to research the turning point of Iranian nuclear program. Subsequently, it also deals with the relations of the deal with political changes in Iran. The significance of the subject is that it is one of the most controversial topics of contemporary international relations. A political analysis method has been conducted and the research’s data have been dealt with by the method of variables. The main argument of the essay is as follows: while the Islamic Republic of Iran claims, she is entitled to atomic activities for peaceful purposes, the international community distrusts their rhetoric. The international community is proving, with evidence, that the Islamic Republic aims to acquire atomic weapons, hidden behind the program. Iran cannot convince the international community that she does not have militaristic goals behind the program, given several revelations on her unlawful activities by IAEA. Meanwhile, the international community has been unable to find a diplomatic solution, even with the varieties of sanctions, to deter Iranians from following the atomic ambitions. As a result, the JCPoA seems to be dissolved, raising the probabilities of political and even military tensions.

***Keywords:*** *Iran ،western countries ،nuclear weapons ،and the "Joint Comprehensive Campaign Program"*

# کاریگەریی پرسی پرۆگرامی ناوەکی ئێران لەسەر پەیوەندیی نێوان وڵاتانی خۆرئاوا و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوای ٢٠١٥

م. هەندرێن ئەحمەد یحیی

هەژار ڕەشید شەریف

## پوختە

مەبەستی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ڕێککەوتننامەی پرسی ناوەکیی ئێران و ئاسۆی گۆڕانکاریی سیاسی لەو وڵاتەدا. بایەخ و گرنگیی ئەم بابەتە لەمەدا بەدیدەکرێت، کە پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران بە یەکێک لە بابەتە مشتومڕ لەسەرەکانی ئەم سەدەیە لە کاروباری نێودەوڵەتی دادەنرێت. میتۆدی شیکاریی سیاسی بۆ لێکۆڵینەوە بەکارهێندراوە و داتاکانی ناو توێژینەوە بە میتۆدی جۆرایەتی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. هەروەها لەم توێژینەوەیەدا تیۆری ڕیالزمی نوێ بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا بەکارهاتووە. ئارگیومێنتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە: لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامیی ئێران پێداگری لەوە دەکات، کە مافی خۆیەتی پرۆگرامی ئەتۆمی پێشبخات بە مەبەستی ئاشتی، بەڵام کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ترسی لەمەی هەیە ئێران مەبەستی بەدەستخستنی چەکی ئەتۆمی بێت. بۆیە ئەستەمە ئێران بتوانێت باوەڕ بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێنێت لەوەی ئێران مەبەستی بەدەستخستنی چەکی ناوەکی نییە، لە بەرانبەریشدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناتوانێت ڕێگایەکی دبلۆماسیی ئەوتۆ بگرێتە بەر بە گەمارۆی ئابووریشەوە، بۆ ڕێگەگرتن لە دەوڵەتی ئێران بۆ بەدەستخستنی تواناکانی چەکی ئەتۆمی. لە ئەنجامدا، فاکتەرە نوێیەکان ڕێگرن لە بەردەم بووژاندنەوەی بەرنامەی هەڵمەتی هەمەلایەنەی هاوبەش [بهھە] و پرسی ناوەکیی ئێران و پەیوەندیی نێوانیان بەرەو گرژی و ئەگەری شەڕ دەترازێن.

**وشە کلیلییەکان: ئێران، وڵاتانی ڕۆژئاوا، چەکی ئەتۆمی، و "بەرنامەی هەڵمەتی هەمەلایەنەی هاوبەش" [بهھە].**

# کاریگەریی پرسی ڕۆگرامی ناوەکیی ئێران لەسەر پەیوەندیی نێوان وڵاتانی خۆرئاوا و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوای ٢٠١٥

پێشەکی

مەبەستی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە باسکردنی ڕێککەوتننامەی پرسی ناوەکیی ئێران لەگەڵ ئاسۆی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە. ئێران بە یەکێک لە وڵاتە هەرە گرنگە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان دادەنرێت، بەهۆی گرنگیی خودی وڵاتەکە بەوەی ئەم وڵاتە خاوەن مێژووی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی، جیۆپۆلەتیک، ئابووریی بەهێز، هێزی مرۆیی، دوەڵەمەند لە فەرهەنگ و ئایدۆلۆژیای تایبەت بە خۆی. هەموو ئەم تایبەتمەندییانە وادەکەن کە دەوڵەتی ئێران هەمیشە کاربکات بۆ ئەوی ببێتە دەوڵەتێکی ناوەند لەسەر ئاستی هەرێمایەتی، دواتر بۆ ئاستی نێودەوڵەتیش هەنگاو بنێت. بۆیەش پرسی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی یەکجار گرنگە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران، تاوەکو بتوانێت ئەم ئامانجە ستراتیژییەی خۆی بپێکێت.

هەرچی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە، بە وردتر بڵێین کۆمەڵگای ڕۆژئاوای بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی لەلایەن ئێرانەوە بە ڕەوا نابینن. بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کار بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەم چەکە دەکەن، چونکە هەبوونی چەکی ئەتۆمی لەلایەن وڵاتانەوە دەبێتە هۆی دروستبوون و سەرهەڵدانی ناسەقامگیری بۆ تەواوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بە تایبەتیش بۆ وڵاتێکی وەکو ئێران کەمتر ملکەچی بڕیارەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبێتەوە. بۆیە ڕۆژئاواییەکان بە بەردەوامی کار بۆ ئەوە دەکەن لە ڕێگەی "بەرنامەی هەڵمەتی هەمەلایەنەی هاوبەش" [بهھە]؛ ڕێگریبکەن لە دەوڵەتی ئێران بۆ بەدەستخستنی چەکی ئەتۆمی. بە تایبەتیش لەدوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر.

بۆ ڕۆژئاواییەکان ڕوونبووەوە، هێشتا کۆمەڵێک تاخم و گووپ و ڕژێم هەن؛ بە ڕژێمی ئێرانیشەوە هەڕەشەن بۆ کۆمەڵگای ڕۆژئاوای و تەواوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. بۆیە، پرسی

ناوەکیی ئێران ئێستاش لە چەقی کێشە گرنگەکانە، نەوەک تەنها خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو بۆ جیهانیش. بۆ ڕۆژئاواییەکان هەبوونی "کۆماری ئیسلامیی ئێرانی" تەیار بە چەکی ناوەکی، واتە فەوتانی و یان لانیکەم دەستهەڵگرتن لەو پڕۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل، کە لە سەرەتای دامەزرانیەوە هەوڵی بۆ داوە. بۆ ناوچەکەش بوونی نەک هەر دەبێتە هۆی برەودان بە کێبڕکێی گەیشتن بە چەکی ناوەکی، بەڵکو هاوکات گرفتێکە، کە پەیوەندی بە ئاسایشی سیاسیی ناوچەکە هەیە. وڵاتێکی تەیار بە چەکی ناوەکی بە ئایدۆلۆژیای ئیسلامیی شیعییەوە لە ناوچەکە مایەی نیگەرانییە، نەک بۆ دیمۆکراسی، کە ڕۆژئاواییەکان گەنگەشەی بۆدەکەن. بەڵکو بۆ باقی وڵاتانی ئیسلامیی سوننەش. ئەمە جگە لەوەی بەشێکی گرنگی شیعەکانی ناوچەکە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان وەک نوێنەری شیعە قبوول نییە.

گرفت و پرسیاری توێژینەوە

پرسی پرۆگرامی بەدەستخستنی چەکی ناوەکی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە؛ بە یەکێک لە گرنگترین پرسەکان دادەنرێت، ئەمەش نەوەک تەنها بۆ خۆرهەڵاتی ناوین، بەڵکو بۆ تەواوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش پرسێکی گرنگە، چونکە پرسی چەکی ناوەکی پەیوەندی بە ئاسایشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەیە، دواتریش پەیوەندی یەکجار زۆری بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین هەیە، بەوەی دەوترێت ناسەقامگیریی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەریەک لە وڵاتانی عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەن ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.

بەمەش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان باش ئاگاداری ئەم ناسەقامگیرییەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، کە ئێران ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت. بۆیە ڕۆژئاواییەکان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، کە دەمێکە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە دەکەن، بەوەی سنوورێک دابنرێت بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە ئەگەری بەدەستخستنی چەکی ناوەکی. لەم دواییەدا وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە ڕێگەی "بەرنامەی هەڵمەتی

هەمەلایەنەی هاوبەش" [بهھە] کاریان بۆ ئەم پرسە کردووە. ئەوەی لێرەوە بە گرفتی سەرەکی دادەنرێت؛ بریتییە لە بوونی تێڕوانینی جیاواز بۆ ڕێککەوتننامەی پرسی ئەتۆمیی ئێران. کۆمەڵێک لە توێژەران و نووسەران و ئەکادیمییەکان و تەنانەت سیاسییەکانیش لەو باوەڕەدان، کەوا ڕێککەوتننامەکە بەردەوامیی دەبێت، بەمەش ئەم ڕێککەوتننامەیە دەبێتە هۆی ڕێگریکردن لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ بەدەستخستنی چەکی ناوەکی و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی بوونی پێکدادان لە نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و نەیارەکانی لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی دەوڵەتی ئیسرائیل و مەملەکەتی عەرەبیی سعوودییە. بەڵام تێڕوانینێکی جیاوازتر هەیە سەبارەت بەم ڕێککەوتننامەیە، بە تایبەتیش دوای هاتنەدەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەم ڕێککەوتننامەیە لە ساڵی ٢٠١٨ دا، کاتێک سەرۆکی ئەو کاتی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ، ڕایگەیاند چیتر ئەمەریکا پابەندی ئەم ڕێککەوتننامەیە نابێت و ئەم ڕێککەوتننامەیە بە یەکێک لە خراپترین ڕێککەوتننامە دادەنرێت، کە ئەمەریکا چووبێتە ناویەوە، چونکە ئەم ڕێککەوتننامەیە بەرژەوەندییەکانی پاراستنی ئاسایشی ئەمەریکا دەخاتە مەترسییەوە (The White House, 2018). بە مانایەکی تر، لەم توێژینەوەدا بارودۆخی سیاسیی ئەم دواییە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، بە تایبەتی دوای ئەوەی سەرۆکی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، جۆ بایدن ڕایگەیاند، کە ئەمەریکا ئامادەیە بگەڕێتەوە سەر ڕێککەوتننامەکە و دەستبکاتەوە بە ئەنجامدانی گفتوگۆی دبلۆماسی بۆ گەیشتن بە چارەسەر، ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنەکە، بە تایبەت دوای ئەوەی بارودۆخی سیاسیی ئەم دواییەی شەڕی ڕوسیا و ئۆکراینا، کە دووبارە پرسی ناوەکیی ئێرانی خستۆتە بەر باس (Robinson, 2022). هەر بەم هۆیەوە لەم توێژینەوەیەدا تەنها شیکرنەوە بۆ یەک تێڕوانین ناکات و تێڕوانینی دیکەش فەرامۆشبکات، بەڵکو لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت شیکردنەوە بۆ هەردوو تێڕوانین بکرێت و خاڵە هاوبەش و خاڵە جیاوازەکانیان دەستنیشاندەکرێت، دواتر شیکردنەوەی ئەکادیمییان بۆ دەکرێت بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەی ئەکادیمی (Arm Control Association, 2022). بۆیە لەڕێی ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئەم پرسە تاوتوێ دەکرێت:

**یەکەم: ڕێککەوتننامەی "بەرنامەی هەڵمەتی هەمەلایەنەی هاوبەش" (JCPOA) پرسی ئەتۆمیی ئێران چییە؟**

**دووەم: بۆ بەدەستخستنی چەکی ناوەکی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران گرنگە؟**

**سێیەم: بۆچی؟ پرسی ناوەکیی ئێران لەم کات و ساتەوەختەدا خراوەتەوە بەر باس و ئەم فاکتەرە نوێیانە چین؟ کە ڕێگرن لەبەردەم گەیشتن بە ئەنجام؟**

**چوارەم: ئایا وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئێران ئەگەری پێکهاتنیان هەیە لەسەر JCPOA یان ڕێککەوتنێکی دیکە دەکەن؟**

بایەخی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، هەوڵدەدرێت گرنگترینیان بخرێنەڕوو:

یەکەم: ئەم توێژینەوەیە بابەتێک تاوتوێدەکات، کە چەند دەیەیە بووەتە ڕۆژەڤی سیاسی و میدیای تەواوی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتی ئێران. بە تایبەت لە ئێستادا کە وەرسووڕانی پرسی ناوەکیی ئێران هاوکاتە لەگەڵ پرسی شەڕی نێوان ڕوسیا و ئۆکرانیا. ئەم توێژینەوەیە ڕوانگەیەکی زانستی دەداتە پرسی ناوەکیی ئێران، بە تایبەت لە ڕووی ئەکادیمییەوە تاوتوێ و هەڵسەنگاندن بۆ بابەتەکە دەکات. ئەمەش بەرچاوڕوونییەکی باش دەداتە ئەوانەی کە کار بۆ پرسی ناوەکیی ئێران دەکەن.

دووەم: نووسینی توێژینەوە بۆ بابەتی پرسی ناوەکی ئێران بە زمانی کوردی بایەخدارە بۆ توێژەران و خوێنەرانی کوردی، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باشیان هەبێت بە زمانی دایکیان بۆ بابەتێکی ئەوها گرنگ، چونکە چ جۆرە خوێندنەوەیەکی ئەکادیمیی ئەوتۆ بە زمانی کوردی لە ئارادا نەبووە، کە خوێنەری کوردی تێر بکات.

سێیەم: گرنگییەی دیکە، کە پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، کە دراوسێی ئێرانە و وەک دیمۆکراسییەک بە نیگەرانییەوە سەیری ئەو وڵاتە دەکات، بە تایبەت کە ٦٠٠ کیلۆمەتر سنووری هاوبەشیان هەیە، ئێران سڵی نەکردوەتەوە لە پێشێلکردنی سنوورەکان و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئەویش بە بیانووی جۆراجۆرەوە: تاوێک بەهۆی ئۆپۆزیسیۆنی خۆرهەڵاتی کوردستان و تاوێک بە بیانووی بوونی

بنکەی ئیسرائیل و ئەمەریکا لە کوردستان. جیا لەم ململانێیە، بەرژەوەندیی هاوبەشیش لە نێوانیاندا هەیە؛ ساڵانە ٦ ملیۆن دۆلار لە ئێران شمەک هاوردە دەکرێت (ELINA, 2022)، ئەمە جیا لە بەرهەمە نەوتییەکان و باقی بەرهەمەکانی تر. لە هەموو گرنگتر سەرهەڵدانی ئەم خۆپیشاندانەی ئەم دواییەی ئێران، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە. ڕژێمی ئێران هەر لە سەرەتاوە چەندین جار بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هەڵیکوتایە سەر هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی بنکەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا بوو، بەمجۆرە ئاسایشی هەرێمی پێشێلکردووە بە بیانووی ئەوەی، کە ئەم خۆپیشاندانە لەوانەوە سەرچاوەی گرتووە. ئاخۆ درێژەکێشانی ئەم خۆپیشاندانە دیسان نابێتە بیانوویەک، کە ڕژێمی ئێران ڕاستەوخۆ هێرش بکاتەوە سەر هەرێم بۆ هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوچەیی بە مەبەستی دەربازبوونی خۆی.

میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاریی سیاسی بەکارهێنراوە و میتۆدی جۆرایەتی qualitative بۆکۆکردنەوەی داتایەکان پەیڕەوکراوە. چونکە ڕێبازی جۆرایەتی باشتر مامەڵە لەگەڵ ئەم توێژینەوانە دەکات لە بواری زانستە سیاسییەکان، بە تایبەت بۆ توێژینەوەیەک بۆ پرسی پڕۆگرامی ئەتۆمیی ئێران. سەرچاوەی داتاکانی بریتییە لە سەرچاوەی سەرەتایی Primary Sources، وەکو ڕاپۆرتی دامەزراوە فەرمییەکان و دۆکیۆمێنتی فەرمی، لەگەڵ بۆچوونی بەرپرسانی نێودەوڵەتی و ئێرانی سەبارەت بە پرسی ناوەکیی ئێران لە ڕاگەیاندنە فەرمییەکان و تویتەرەوە. ئەمەش دەکرێت کەڵکی لێوەربگیرێت، چونکە مامەڵەکردن لە بابەتێکی ئەوها هەستیار ئەستەمە توێژەر بتوانێت سەرچاوەی سەرەتایی لە ڕێگای کۆکردنەوەی زانیاری لەگەڵ خودی بەرپرسانی وڵاتانی ڕۆژئاوای و ئێرانی کۆبکاتەوە. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بۆ دەستخستنی بە سەرچاوەی سەرەتایی پەنا براوەتە بەر دۆکیۆمێنتە فەرمییەکان و ڕاپۆرتەکان و وتاری سیاسییەکان لە ماڵپەڕی تویتەرەوە. لەگەڵ سەرچاوەی دەستی دوو Secondary

Sources وەکو کتێب، توێژینەوەی بڵاوکراوەی توێژەرانی دیکە و گۆڤارە زانستییەکان و وێبسایتە فەرمییەکان بەکارهاتوون.

چوارچێوەی تیۆریی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تیۆری ڕیالیزمی نوێ (Neo-Realism) یان ڕیالیزمی پێکهاتەی (Structural Realism) لە تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. ئەم تیۆرە دەکرێت بە یەکێک لە تیۆرە هەرە گرنگەکان خوێندنەوە دابنرێت بۆ پرسی ڕێککەوتنامەی ئەتۆمی ئێران بکات.

ئەم توێژینەوەیە لە کاتی کۆکردنەوەی زانیارییەکان سەبارەت بەم پرسە گرنگە کۆمەڵێک کێشە و بەربەستی لەبەردەمدا بوو، نەبوونی سەرچاوەی پەرتووک بۆ ئەم بابەتە، چونکە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی ئێران پرسێکی هەنووکەییە و لە ساڵی ٢٠١٥ لە نێوان کۆمەڵێک وڵاتانی خۆرئاوا و دەوڵەتی ئێران بەسترا. بەکارنەهێنانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی تایبەت بەم باسەوە لە وڵاتانی بەژداربوو لە ڕێککەوتننامەکە لەبەر هەستیاریی پرسەکە و توێژەر ناتوانێت سەردانی ئەم وڵاتانە بکات، بۆیە دەکرێت توێژینەوەی زیاتر تایبەت بەم پرسەوە لەلایەن توێژەرانی دیکەوە ئەنجامبدرێت.

هەیکەلی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا، سەرەتا ئاوڕدانەوەیەکی گشتی لە پێشینە و گرنگیی پرسی چەکی ناوەکی لە ئێران دەکەن، بە جۆرێک هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پرۆژەی بەدەستخستنی پرۆگرامی ناوەکیی ئێران، لە پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، تاکو بەستنی ڕێککەوتننامەی هەڵمەتی هەمەلایەنەی هاوبەش باسی لێوەکراوە. بێگومان تێگەیشتن لە باکگراوەندی مێژووی پرسی ناوەکیی ئێران یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەوەی لە پێشهاتەکانی ئەم پرسە تێبگەین لە ئێستادا.

دواتر، شیکردنەوەیەکی تیۆری بۆ پرسی چەکی ئەتۆمیی ئێران کراوە، بە جۆرێک تیۆری ڕیالیزمی نوێ شیکردنەوەی بۆ کراوە و گرنگترین بنەماکانی ئەم تیۆرە لەسەر پرسی ئەتۆمیی ئێران جێبەجێکراون. هەریەک لە ڕیالیزمی هێرشبەر و بەرگریکەر تێگەیشتنی هەیە بۆ

ئەم پرسە. بۆیە بەپێی ئەم تیۆرە ئێران دەیەوێت مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات لەم سیستەمە جیهانییە فەوزایە، کە هێزە گرنگەکان ڕۆڵی کارینگەریان هەیە. لە بەرابەر ئەمەشدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە تایبەت ڕۆژئاواییەکان دەیانەوێت دەوڵەتی ئێران سزا بدەن بەوەی هەوڵی بەدەستخستنی هێزی لەڕادەبەدەر دەدات.

لە بەشێکی دیکەدا، باس لە گرنگترین هۆکارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین بۆ بەدەستخستنی چەکی ناوەکی. کە خۆی لە پێنج هۆکاری گرنگ دەبینێتەوە لەوانە: ئێران دەیەوێت ببێتە دەوڵەتێکی ناوەند لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و جیهانی ئیسلامیدا. کۆماری ئیسلامیی ئێران نایەوێت ببێتە پاشکۆی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا، ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی چەسپاندنی سیستەمی دیمۆکراسی لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەرگریکردن لە بوونی ئێران بە ڕژێمێکی سەرەڕۆ لە دژی ئەمەریکا لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر، و پاراستنی هاوسەنگیی هێز لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا بە تایبەت ئیسرائیل.

لەم توێژینەوەیەدا، بە شێوەیەکی وردتر دەچینە ناو سەرهەڵدانەوەی ئەم باسە، کە خۆی لە وەرسووڕانی پرسی ناوەکیی ئێران دەبینێتەوە، کە چۆن دیمۆکراتەکانی ئەمەریکا هەوڵیاندا جارێکی تر بیوروژێننەوە. لێرەوە فاکتەرەکانی بەردەم [بههە] شیدەکەینەوە، کە ڕێگرن لە گەیشتن بە ئەنجامی ڕێککەوتنی هاوبەش بۆ کۆتاییهێنان بەم پرسە.

دواتر، باسێکی دیکە تەرخانکراوە بۆ کاریگەریی ڕێککەوتننامەی چەکی ناوەکیی ئێران و ئاسۆی گۆڕانکاریی سیاسی لە وڵاتی ئێران شیکردنەوەی بۆ دەکرێت. بۆیە باس لە ئەگەری پێکهاتن لە نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکرێت. لەهەمان کاتیشدا، باس لە ئەگەری شکستهێنانی ئەم ڕێککەوتنە دەکەین و ئەگەری تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان لێکترازانیان بۆ شەڕکردن. لە کۆتاییشدا، دەرئەنجامی گشتی بۆ پرسی چەکی ناوەکیی ئێران باسی لێوە دەکەین.

تێڕوانینێکی گشتی سەبارەت بە پرسی چەکی ناوەکیی ئێران

دامەزراندنی پرۆگرامی ناوەکیی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئێران ١٩٧٩. ئەوکاتەی کەوا دەوڵەتی ئێران پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان هەبوو، بە تایبەتی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان شای ئێران لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بە جۆرێک ڕۆژئاواییەکان پاڵپشتی تەواوی ڕژێمی ئەوسای ئێرانیان دەکرد، بۆ بەدەستهێنانی پرۆگرامی ئەتۆمی لە بواری ئاشتییانەدا، وەکو کەڵکوەرگرتن لە بواری وزەی کارەبا. بەمەش کۆمپانیاکانی ئەڵمانی دەستیانکرد بە بونیادنانی دوو وێستگەی بەرهەمهێنانی پرۆگرامی ئەتۆمی لە ئێران و فەرەنساش پێویستییەکانی دیکەی وەکو خەڵووزی بۆ وێستگەکان دابینکرد. ئەمە جگە لەوەی خودی ئەمریکاش پێشنیازی فرۆشتنی پێداویستییەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنانی پاتینیۆمی کرد بۆ ئێران، کە گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئۆتۆمی (Naji, 2008, p. 645).

لێرەوە، وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ڕۆڵی کارایان هەبوو لەوەی وڵاتی ئێران هەنگاو بنێت بەرەو بەدەستخستنی دەسەڵاتی پرۆگرامی ناوەکی. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو جەمسەرگیرییەدا هات، کە لە سیستەمی جیهانیی ئەوکات لەئارادابوو. چونکە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، سیستەمی جیهانی گۆڕانکارییەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، لەوەی کە سیستەمی جیهانی بوو بە سیستەمی دووجەمسەری، بە جۆرێک ئەمەریکا سەرکردایەتی بلۆکی سەرمایەداری دەکرد و سۆڤیەتی جارانیش سەرکردایەتی بلۆکی خۆرهەڵاتی دەکرد. بەمەش وڵاتانی جیهان دابەشی سەر ئەم دوو بلۆکە ببوون و لە هەمان کاتیشدا هەریەک لە ئەمەریکا و سۆڤیەتی جاران لە هەوڵی بەردەوامدا بوون بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە ڕێی بەدەستهێنانی لایەنگریی وڵاتانی جیهان. بێگومان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەدەرنەبوون لەم دابەشکارییە جیهانییە، بە تایبەت بۆ وڵاتێکی هەرێمی وەکو ئێران کە خاوەن

مێژوو و ئابووری و فەرهەنگ و جیۆپۆلەتیکی بەهێزە لە تەواوی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا (Gaffar, 2015, pp. 64–69).

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و گۆڕانی سیستەمی حوکمڕانی لەم وڵاتەدا، پڕۆگرامی ئەتۆمیی ئێرانیش وەستا بە جۆرێک دەسەڵاتدارانی شۆڕشی ئێران لەو باوەڕەدا بوون، کە چیتر یارمەتی لە ڕۆژئاواییەکان وەرنەگرن بۆ بەردەوامبوون لە پێشخستنی پڕۆگرامەکە، چونکە ئەمە خزمەت بە گەل و حکومەتی نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناکات، ئەمە جگە لەوەی ئێران لە شەڕێکی سەختدا بوو لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی ٨ ساڵ، بەڵام هەر دوای کۆتاییهاتنی شەڕی عێراق و ئێران، دەسەڵاتدارانی ئێران دیسان بیریان لە پەرەپێدان و پێشخستنی پڕۆگرامی ئەتۆمی کردەوە بە وەرگرتنی یارمەتی لە وڵاتانی وەکو ڕوسیا و چین و کۆریای باکوور (Naji, 2008, p. 653).

دوای ئەمە دەسەڵاتدارانی ئێران بەردەوام بوون لە پێشخستنی پڕۆگرامی ئەتۆمی کە لە چەندین بۆنە زۆر بە ڕوونی ئاماژەیان بەوە کردبوو، کە دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران پێویستی بە هەبوونی چەکی ناوەکییە. بۆ نموونە کاتێک ڕەفسەنجانی سەرۆکی ئەوسای دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران؛ لە ساڵی ٢٠٠١ ڕایگەیاند، کە ئیسلام پێویستی بە هەبوونی چەکی ناوەکییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ئێمە نامانەوێت کە ببینە هۆکارێک بۆ ناسەقامگیریی وڵاتان، ناشمانەوێت ببینە هۆکارێک بۆ هەڵگیرسانی شەڕی سێیەمی جیهانی، ئەمە خراپترین شتە کە ڕوودەدات. بەڵام ئەگەر جیهانی ئیسلامی بکەوێتە بەر ئەو چەکانەی کە ئیسرائیل بەدەستیهێناون، ئەوا ستراتیژیەت و سیاسەتی کۆلۆنیالیزم تەنیا بریتییە لەوەی، کە دەیانەوێت جیهانی ئیسلامی بە چەکی ناوەکی لەناوبەرن، هەر ئەمەشە وادەکات کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرگری لەخۆی بکات(Naji, 2008, p. 118) .

لە ساڵی ٢٠٠٢ کاتێک ڕاپۆرتێکی "سی ئای ئەی" زانیاریی وردی سەبارەت بە هەبوونی دوو وێستگەی نهێنیی بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمی دا، بەمەش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تووشی سەرسوڕمان کرد، سەرۆکی ئەوکاتەی ئێران محمەد خاتەمی ئەمەی پشتڕاستکردەوە بە

هەبوونی وێستگەی نەتەنز. بەڵام ڕاشیگەیاند کە ئەم وێستگانە تەنها کار بۆ بەرهەمهێنانی وزەی ناوەکی دەکەن بۆ مەبەستی ئاشتییانە، دەرگاشی والا کرد بۆ ئاژانسی وزەی ناوەکیی نێودەوڵەتی بۆ سەردانیکردنی ئەم وێستگانە. کاتێک محمد بەڕادعی سەرۆکی ئاژانسەکە سەردانی وێستگەکانی کرد لە ئێران، ئاماژەی بە هەبوونی ١٦٤ مەکینەی گوماناوی بۆ بەرهەمهێنانی یۆرانیۆم کرد، بە ڕێژەیەک کە گونجاوە بۆ بەدەستخستنی چەکی ناوەکی، ئەمە جگە لەوەی کە پلانیان هەیە ١٠٠٠٠ مەکینەی تر دابمەزرێنن لە داهاتوودا. بەمەش ئاژانسی وزەی ئۆتۆمی جیهانی ڕاپۆرتی خۆی دا بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە پشتڕاستی کردۆتەوە، ئێران ئامانجی وەدەستخستنی چەکی ناوەکییە و بەمەش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تایبەت وڵاتە ڕۆژئاواییەکان هەوڵەکانیان توندتر کرد بۆ فشارخستنە سەر ئێران و ڕاگرتنی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەدەستخستنی چەکی ئەتۆمی (Naji, 2008, pp. 118-119).

شیکردنەوەی تیۆری بۆ پرسی ناوەکیی ئێران

خواستی هەندێ لە وڵاتان لە سیستەمی جیهانی بۆ بەدەستخستنی ئابووری و هێزی زیاتر گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە. بێگومان وڵاتی ئێران بە یەکێک لەو وڵاتانە دادەنرێت، کە هەمیشە دەیەوێت هەژموونی خۆی بەسەر تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بسەپێنێت، کە بۆ وڵاتانی زلهێز وەکو ئەمەریکا ئەم ناوچەیە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمە جگە لەوەی بوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکو هێزی هەرێمی ڕاستەوخۆ دەبێتە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە تایبەتی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین.

بێگومان لە تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان خوێندنەوەی جیاجیا بۆ ئەم بابەتە دەکرێت، بەڵام تیۆری ڕیالیزمی نوێ (Neo-Realism) یان ڕیالیزمی بونیادگەرایی (Structural Realism) دەکرێت وەکو یەکێک لە گرنگترین تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان سەیربکرێت، کە خوێندنەوەی تایبەتی هەیە بۆ ئەم پرسە. چونکە بەپێی ئەم تیۆرە سیستەمی جیهانی کە فەوزایە (Anarchic) بەمەش وڵاتان لە کێبڕکێ دان بۆ

بەدەستخستنی هێز، بەڵام لەهەمان کاتدا پێکهاتەی سیستەمی جیهانی کە پەیوەستە بە وڵاتی هێزە گەورەکان (Great Powers)، ڕێگرن لەبەردەم کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر ئەمەشە ناهێڵێت ئێران بە ئاسانی هێز بەدەستبخات، بە تایبەت بەدەستخستنی چەکی ئەتۆمی، کە چەکێکی گرنگە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان (Dunne, et al., 2016, p. 51).

لە تیۆری نیۆ ڕیالیزم زیاتر گرنگی دەدرێت بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: بۆچی وڵاتان بەدوای هێزەوە دەگەڕێن؟ بێگومان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ڕیالیزمە نوێخوازەکان خوێندنەوەی تایبەتیان هەیە، بە جۆرێک گرنگی بە کۆمەڵێک بنەما دەدەن، کە لێرەدا تەرکیز لەسەر پێنج بنەمای سەرەکی دەکەینەوە لە سەر ئاستی سیستەمی جیهانیدا. هەریەک لەم بنەما سەرەکییانە بە تەنیا ناتوانن وەڵامی سەرەکیی ئەم پرسیارە بدەنەوە، بەڵام کاتێک هەموو ئەم بنەمایانە بەیەکەوە لێکدەدرێن، ئەوا دەکرێت شیکردنەوەی باشی هەبێت بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بۆ وڵاتان بەدوای هێزەوەن و لە کێبڕکێی بەردوام دان بۆ بەدەستخستنی هێزی زیاتر.

یەکەم بنەما بریتییە لەوەی هێزە گەورەکان (Great Powers) بە گرنگترین کاراکتەر دادەنرێن لە سیستەمی سیاسیی جیهانیدا. و لەم سیستەمە جیهانییە دەسەڵاتی ناوەند نییە و فەوزایە، بەڵکو هێزە گەورەکان بە پێکهاتەی سەرەکیی ئەم سیستەمە دادەنرێن بەمەش وڵاتان لە کێبڕکێی بەردەوامدان بۆ بەدەستخستنی هێزی زیاتر. بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکو هێزێکی هەرێمی کە خاوەن مێژوو، جیۆپۆلەتیک، ئابووری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی بەهێزە لە خۆرهەڵاتی ناوین، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە، کە ببێتە هێزێکی گەورە و ڕۆڵی هەبێت لەم سیستەمە جیهانییە، کە تیایدا هێزە گەورەکان بە پێکهاتەی ئەم سیستەمە دادەنرێن (DONNELLY, 2005, p. 35).

بنەمای دووەم لە تیۆری ڕیالیزمە نوێیەکان دەوەستێتە سەر ئەوەی کە هەموو دەوڵەتەکان ئەوەندە هێزیان هەیە کە بتوانن بەکاریبێنن بۆ بەرانبەرەکەیان، یاخود بەلایەنی کەم دەتوانن ببنە مەترسی بۆ وڵاتی دراوسێ، ئەگەر نەشتوانن کێبڕکێ بکەن لەگەڵ هێزە گەورەکان

(Dunne, et al., 2016, p. 53). بۆیەش کۆماری ئیسلامیی ئێران خاوەن هێزی سەربازیی گرنگە لە ناوچەکەدا و هەمیشە کاریگەریی هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان لە تەواوی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. بەمەشە دەوڵەتی ئێران وەکو ئەکتەرێکی هەرێمی، بەردەوام مەترسییە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ولاتە زلهێزەکان وەکو ئەمەریکا.

بنەمای سێیەم لەم تیۆرەدا بریتییە لە گریمانەی ئەوەی کە دەوڵەتان هەرگیز دڵنیا نین لە نیەت یاخود مەبەستی دەوڵەتانی تر. چونکە لێرەدا دەوڵەتەکان دەیانەوێت بزانن کە ئایا دەوڵەتەکانی تر هێز بەکاردێنن بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز؟ یاخود دەوڵەتەکان ڕازین بەو هێزەی کە هەیانە و بۆیان گرنگ نییە لە گۆڕینی ئەم هاوسەنگیی هێزە؟ (DONNELLY, 2005, p. 36). بۆیە دەکرێت لەم خاڵەوە سەیری کۆماری ئیسلامیی ئێران بکرێت بۆ کارکردنی بەردەوام بۆ بەدەستخستنی چەکی ئەتۆمی، دواتر بەکارهێنانی ئەم چەکە وەکو کارتێکی فشار بۆ ئەوەی دواتر هاوسەنگیی هێز بۆخۆی بقۆزێتەوە.

بنەمای چوارەم لەم تیۆرە دەوەستێتە سەر ئامانجی سەرەکیی دەوڵەت، کە بریتییە لە مانەوە. دەکرێت هەندێک لە ولاتان بەدوای ئامانجی دیکەش بگەڕێن وەکو خۆشگوزەرانی و بنەماکانی مافی مرۆڤ... هتد، بەلام ئەمانە وەکو ئامانجی پاڵپشتی بەکاردێنن بۆ ئامانجە بالاکەیان کە بریتییە لە مانەوە (Dunne, et al., 2016, pp. 53–54). بۆیە دەکرێت ئەم بنەمایە لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران جێبەجێبکرێت، بەوەی هەموو مەبەست و ئامانجی کۆماری ئیسلامی بریتییە لە مانەوە لەم سیستەمە جیهانییە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئامانجەکانی کارکردن بۆ خۆشگوزەرانیی خەڵک و پابەندبوون بە بنەماکانی مافی مرۆڤ.

کۆتا بنەما لە تیۆری نیۆ ڕیالیزم بریتییە لەوەی، کە دەوڵەتەکان دەیانەوێت کاراکتەری گرنگ بن (Rational)، لێرە دەکرێت بوترێت هەموو دەوڵەتەکان خاوەن ستراتیژیی تایبەت بە خۆیانن (Dunne, et al., 2016, p. 54). بۆیەش ئێران دیەوێت ولاتێکی ڕاشناڵ بێت و ستراتیژیەتی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ئەوەی لەم سیستەمە جیهانییە کاریگەریی خۆی هەبێت.

لە ئەنجامی ئەم بنەما سەرەکییانەی سەرەوەدا، دەکرێت وەڵامی سەرەکیی ئەو پرسیارە بەدەستبخرێت؛ کە بۆچی وڵاتان بەدوای هێزەوەن بە تایبەتی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ئەوەی شایانی زیاتر ئاماژاپێکردنە، لەمەی سەرەوە بۆمان ڕوونبووەوە، کە بۆ وڵاتان بەدوای هێزەوەن، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێت، کە چەند هێز بەسە بۆ دەوڵەتەکان. لێرەوە دوو بۆچوون لەناو تیۆری ڕیالزمی نوێدا هەن: یەکەمیان پێی دەوترێت ڕیالیزمی بەرگریکەر (Defensive Realism) کە (Kenneth Waltz) بە بیرمەندی سەرەکیی ئەم تێڕوانینە دادەنرێت؛ پێیوایە دەوڵەتەکان هەوڵی بەردەوام دەدەن بۆ مانەویان لەم سیستەمەدا، بەڵام ئەگەر دەوڵەتەکان هەوڵی بەدستخستنی هێزی لەڕادەبەدەر بدەن و بەژداری بکەن لە هێزی جیهانی ئەوا ئەم سیستەمە سزایان دەدات و ڕێگەیان پێ نادات (WALTZ, 1979, pp. 1-8). هەرچی ڕیالیزمی هێرشبەرە (Offensive)، کە (John Mearsheimer) بە بیرمەندی سەرەکی دادەنرێت، تێڕوانینی دیکەی هەیە بۆ ئەم مەبەستە، پێیوایە دەوڵەتەکان بۆ مانەوەی خۆیان ئەوەندی دەتوانن، هێز بەدەستبێنن، چونکە هەر ئەمە دواتر وادەکات ئەم دەوڵەتە ببێتە دەوڵەتێکی هەژموندار (Mearsheimer, 2009, pp. 243-255). بۆیە دەکرێت کۆماری ئیسلامیی ئێران بەپێی تێڕوانینی یەکەم، کە ڕیالیزمی بەرگرییە سەیربکرێت، بە تایبەت کە دەیەوێت چەکی ئەتۆمی بەدەستبێنێت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش نایەڵێت و ڕێگرە لەبەردەم کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەردەوام سزای دەوڵەتی ئێران دەدەن بە تایبەتی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان کە ڕۆڵی یەکجار زۆریان هەیە لەم سیستەمە جیهانییە. لە کۆتاییدا، دەکرێت بوترێت سیستەمی سیاسیی جیهانی لە بارودۆخێکی مەترسیدایە، بەڵام ئاستی مەترسییەکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازە و دەوڵەتەکان هەمیشە نیگەرانن بۆ مانەویان، دەبێت بەردەوام ئاگاداری ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز بن لەم سیستەمە جیهانییەدا.

گرنگیی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی لەلایەن ئێرانەوە

بێگومان بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێرانەوە یەکێکە لە گرنگترین ستراتیژییە درێژخایەنەکانی ئەم وڵاتە؛ دەکرێت بە ستراتیژیی باڵای دەوڵەتی ئێران

دابنرێت، بە جۆرێک دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی ئێران هەموو ستراتیژیی ناوەندی و لاوەکییەکانی خۆی خستۆتە خزمەت ئەم ستراتیژییە باڵایە. بەمەش، ئەم هەموو گرنگیدانەی دەوڵەتی ئێران بۆ بە بەدەستخستن و هەبوونی چەکی ناوەکی گرنگی و هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات گرنگترین هۆکارەکان و ئەو هەموو گرنگیدانەی حکومەتی ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی بخاتەڕوو: یەکەم، دەوڵەتی ئێران وەکو یەکێک لە گرنگترین دەوڵەتەکانی جیهانی ئیسلامی دەیەوێت، بەهەر جۆرێک بێت سەرکردایەتیی کۆمەڵگەی ئیسلامی بکات، بەهۆی ئەوەی ئێران خاوەن مێژوو و شارستانیەت و فەرهەنگ و ئیمپراتۆریەت و جیۆپۆلەتیک و ئابووریی بەهێزە لە ناوچەکەدا. بۆیە ئێران بە هەبوونی ئەم هەموو تایبەتمەندییە گرنگە، دەیەوێت سەرکردایەتیی کۆمەڵگای ئیسلامی بکات و دواتریش ببێت بە دەوڵەتی ناوەند لەسەر ئاستی هەرێمایەتی (Zubaida, 1998, pp. 1-7).

دووەم، لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین و کۆتاییهاتنی سیستەمی دووجەمسەریی جیهانی و هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، سیاسەتمەداران و سەرکردە جیهانییەکان و بیرمەندانی بواری ئەکادیمی، هەریەکە تێڕوانین و شیکردنەوە و بیروڕای جیاوازیان هەبوو لەسەر داهاتووی سیستەمی جیهانی. بۆ نموونە، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا جۆرج بۆشی باوک، لە یەکێک لە گرنگترین وتەکانی خۆیدا ئاماژەی بە داهاتووی سیستەمی جیهانی کرد، کە لە داهاتوودا ڕۆژئاواییەکان، بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سەرکردایەتیی سیستەمی جیهانی دەکەن بە جۆرێک کە هەر گۆڕانکارییەک لەم سیستەمە جیهانییەدا ڕوویدات، دەبێت ڕۆژئاواییەکان ڕۆڵیان هەبێت (Goldhammer, 2016) . لێرەوە ئەکادیمییەکانی بواری زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش، وەکو فرانسس فۆکۆیاما لە کتێبی کۆتایی مێژوو، شانبەشانی سەرکردەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا کاریان کرد بۆ شەرعیەتدان بە وڵاتە زلهێزەکان، بە تایبەت ئەمەریکا بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە بۆ ئەوەی دەست لە کاروباری سیاسەتی وڵاتانی دیکە وەربدەن و ئەمەریکا بکەن بە تاکە وڵاتی زلهێز لەسەر ئاستی جیهاندا (Fukuyama, 1992, pp. 3-13). بۆیە بەپێی ئەم تێڕوانینە بێت

خواستی نوێ لە سیستەمی جیهانی ڕێگە بە ئەمەریکا دەدات، کە دەست لە کاروباری وڵاتانی دیکە وەربدات، بە تایبەت لە وڵاتێکی وەکو ئێران، چونکە هەر لەدوای هاتنە سەرتەختی دەسەڵاتدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە دوای ١٩٧٩، ئەم دەسەڵاتە شۆڕشگێڕییە بە لایەنگری سەرەکیی بلۆکی کۆمیۆنیزم دادەنران.

بەڵام هەرزوو ئەم پاوانخوازییەی ئەمەریکا لەلایەن هەندێ بیرمەندی دیکە ڕەتکرایەوە، بەوەی کە لە داهاتوودا ئەمەریکا ناتوانێت بەتەنیا سەرکردایەتیی ئەم سیستەمە جیهانییە بکات. بۆ نموونە، ساموێل هانتینگتۆن لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی پێکدادانی شارستانیەتەکان، زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بە داهاتووی سیستەمی جیهانی کرد، بە جۆرێک کە جیهان دابەش دەکاتە سەر چەند شارستانیەتێکی جیاواز و هەر یەک لەم شارستانیەتانە وڵاتی ناوەندی خۆی دەبێت و ئەم وڵاتە ناوەندە سەرکردایەتیی شەرستانیەتی خۆی دەکات، بەڵام ئەوەی هانتیگتۆن بە کێشەی سەرەکی دادەنێت، ئەوەیە کە هەندێک لەم شارستانیەتانە کێشەی هەبوونی وڵاتی ناوەندییان هەیە کە شارستانیەتی ئیسلامیش بە یەکێک لە شارستانیەتە کێشەدارەکان دادەنرێت (Huntington, 1996, p. 174). بۆیە لێرەشەوە دەکرێت شارستانیەتی ئیسلام وڵاتێکی ناوەندی خۆی هەبێت وەکو ئێران کە کۆمەڵێک فاکتەر لە، مێژووی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی، جیۆپۆلەتیکی ئێران، ئابووری، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی فارس، کاریگەریی هەیە بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی جیهانی ئیسلامی بکات. بەڵام ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران کێشەیە بریتییە لەوەی کە ئێران خۆی بە نوێنەری سەرەکیی شیعە دادەنێت لەناو جیهانی ئیسلامیدا، لەکاتێکدا هەموو جیهانی ئیسلام بریتی نییە لە شیعە، بەڵکو سونەکانیش بە پێکهاتەی سەرەکیی جیهانی ئیسلامی دادەنرێن.

شارستانیەتی ئیسلامی کێشەی هەبوونی دەوڵەتی ناوەندیی هەیە، بەوەی کە کاتێک دەوڵەتی سعودییە خۆی بە دەوڵەتی ناوەند دادەنێت، بەوەی کە یەکێکە لە وڵاتە گرنگەکانی ناو جیهانی ئیسلامی بەهۆی هەبوونی شوێنێکی ستراتیژیی گرنگ، ئابووریی بەهێز، هەبوونی گرنگترین شوێنی عیبادەتکردن وەکو مەککە و مەدینەی و خاوەن مێژوویەکی گرنگ. بەڵام

هێشتاش سعودییە کێشەی ئەوەی هەیە، کە تەنها دەتوانێت سەرکردایەتیی بەشێک لە ئیسلامە سونەکان بکات و بە هیچ جۆرێک ناتوانێت سەرکردایەتیی شیعەکان بکات، کە ئێران خۆی بە تاکە نوێنەری ئیسلامیی شیعە دادەنێت لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا. ئەمە جگە لەوەی سعودییە لە ڕووی هەبوونی هێزی مرۆیی و سووپاوە ناتوانێت ڕکابەری دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران بکات. لەلایەکی تریشەوە، دەوڵەتی تورکیا خۆی بە میراتگیری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دادەنێت و خۆشی بە تاکە دەوڵەتی ناوەند دادەنێت لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا، بەوەی تورکیا یەکێکە لە گرنگترین وڵاتانی ناوچەکە بەوەی خاوەن هێزێکی چەکداریی تۆکمەیە، خاوەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئابووریی بەهێز، هێزی مرۆییی بەهێز، جیۆپۆلەتیکی گرنگ. بەڵام دیسان دەوڵەتی تورکیا کێشەی هەیە لەوەی کە ناتوانێت ببێت بە دەوڵەتی ناوەند بۆ جیهانی ئیسلامی، بەوەی کە هەر لەدوای تەواو بوونی جەنگی یەکەمی جیهان دەوڵەتی تورکیا هەوڵیداوە سیستەمی حوکمڕانیی سێکۆلار لە وڵاتی خۆی بچەسپێنێت و زیاتر بەرەو ڕووی ڕۆژئاواییەکان هەنگاو بنێت، ببێ بە یەکێک لە ئەندامانی وڵاتانی ئەورووپی. بە شێوەیەکی گشتی، دەوڵەتی ئێران هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە خۆی بکات بە یەکێک لە سەرەکیترین دەوڵەتەکانی جیهانی ئیسلامی، دواتریش ببێت بە دەوڵەتی ناوەند لە شارستانیەتی ئیسلامیدا. بۆیە وەدەستهێنانی چەکی ناوەکی بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی دەوڵەتی ئێران دادەنرێت بۆ ئەوەی بتوانێت زاڵ ببێت بەسەر ڕکابەرەکانی ناو کۆمەڵگای ئیسلامی، بە تایبەتریش دەوڵەتی پاکستانی سونە مەزهەبی خاوەن چەکی ناوەکی (Shahidi, 2008, pp. 20–28).

سێیەم، ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی چەسپاندنی سیستەمی دیموکرسیی ڕۆژئاواییەکان بەسەر وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا، چونکە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بەردەوام لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی سیستەمی دیموکراسی بە ڕووی ئەو وڵاتانەی کە سیستەمەکانیان نادیموکراسییە. بە تایبەت وڵاتانی جیهانی ئیسلام. لێرەوە، هەروەک لە سەرەوە ئاماژە کراوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆی بە یەکێک لە گرنگترین وڵاتانی جیهانی ئیسلامی دادەنێت و دەیەوێت خۆی بکات بە دەوڵەتی ناوەند. کۆماری ئیسلامیی ئێران سیستەمی دیموکراسی بە

سیستەمی ڕۆژئاواییەکان دادەنێت، یاخود زیاتر لەمە سیستەمی دیموکراسی بە هەڵقوڵاوی بنەما و ڕێساکانی ناو ئاینی مەسیحیەت دادەنێت، پێیانوایە وڵاتانی ئیسلام دەبێت سیستەمە سیاسییەکانیان هەڵقوڵاوی بنەما و ڕێساکانی ناو شەریعەتی ئیسلام بێت. لەناو شەریعەتی ئیسلامیشدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو سیستەمە سیاسییەیان قبووڵە لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعەیە، کە پێی دەوترێت (ویلایەتی فەقیە) بە پێچەوانەوە کۆماری ئیسلامی هیچ شێوازێکی حوکومڕانی و مەزهەبێکی دیکەی ئیسلامیی پێ قبووڵ نییە. هەرچەندە ڕۆژئاواییەکان سیستەمی دیموکراسی بە یەکێک لە گرنگترین سیستەمە سیاسییەکان دادەنێن بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی حوکمڕانیی وڵاتان (Huntington, 1993, p. 23).

ئەوەی زیاتر شایەنی ئاماژەپێکردنە، زۆربەی ئەکادیمییەکانی بواری زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەو باوەڕەدان سیستەمی دیموکراسی گرنگە بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی سیاسیی وڵاتان؛ لەبەر سێ هۆکار:

- بەهۆی ئەو پەیوەندییە گرنگەی کە هەیە لە نێوان سیستەمی دیموکراسی و پاراستنی ئاسایشی وڵاتان، بەوەی سیستەمی دیموکرسی ڕۆڵی کارای هەیە لە دابینکردنی ئاسایش بۆ وڵاتان لەسەر ئاستی ناوخۆی و نێودەوڵەتی، چونکە هەموو ئەو وڵاتانەی کە سیستەمی سیاسییان دیموکراسییە ئاسایشی وڵاتەکەیان تا ڕادەیەکی باش پارێزراوترە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی نادیموکراسی. هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا، تاوەکو ئێستا هیچ وڵاتێکی دیموکراسی نییە بچێتە شەڕ لەگەڵ وڵاتێکی دیکەی دیموکراسی (Kant, 1795, pp. 7–8).
- بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی کە هەیە لەنێوان سیستەمی دیموکراسی و ئابووریی وڵاتان، چونکە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە سیستەمی حوکمڕانییان دیموکراسییە، توانیویانە ئابوورییەکی بەهێز لە وڵاتەکانیان دابمەزرێنن و بەمەش هاوڵاتییەکانیان دەتوانن ژیانێکی خۆش بۆ خۆیان فەراهەمبکەن (Lappin, 2010, pp. 178–183).

- بنەماکانی پاراستنی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی باش شوێنی کراوەتەوە لەناو سیستەمی دیموکراسی و دواتریش بووەتە بنەمایەکی سەرەکی لەناو جاڕدانی جیهانیی مافی مرۆڤ، کە لە ساڵی ١٩٤٨ەوە پەسەندکراوە و بۆ وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان. لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە سیستەمی دیموکراسی بە یەکێک لە گرنکترین سیستەمەکانی حوکمڕانیی وڵاتان دادەنرێت، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو شێوەیەک ئەم سیستەمە ڕەتدەکاتەوە، چونکە پێیانوایە ئەمە هەڵقووڵاوی ئاینی مەسیحییەتە بە هیچ شێوەیەک قبووڵکراو نییە بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی، وەکو ئێران کە بنەماکانی ئاینی مەسیحیەت جێبەجێبکات، لەکاتێکدا کە خەڵکی ئێران خاوەن ئاینی ئیسلامیی تایبەت بەخۆیانە.

چوارەم، یەکێکی تر لە هۆکارەکان، کە دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئێران بە گرنگییەوە کار بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی دەکەن، پەیوەندی بە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە، لە دوای ڕووداوەکانی ١١ سێپتێمبەر. لەبەرئەوەی هەر ڕاستەوخۆ لەدوای ئەم ڕوداوانە ئەمەریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ستراتیژییەکی نوێی پەیڕەوکرد، بە ناونیشانی شەڕ دژی تیرۆر. بەگوێرەی ئەم ستراتیژییە نوێیە، ئەمەریکا پلانیدانا بۆ ئەوەی کێ بەرپرسیارە لە هێرشەکانی سەر دوو تاوەرە بازرگانییەکانی و پەنتاگۆن؟ کە بە ڕەمزی ئەمەریکا دادەنرێن، ئەوا لە داهاتوودا تۆڵەی خۆی لێ دەکاتەوە. هەر بەپێی ستراتیژییەکە کۆمەڵێک تاخم و ڕژێم و دەوڵەت ناویان چووە ناو لیستی تیرۆر و "ڕژێمی سەرەڕۆ" کە لە داهاتوودا ئەمەریکا شێلگیرانە کاریان لەسەر دەکات و لەناویاندەبات. بێگومان دەسەڵاتدارانی ئێران و ڕژێمی ئێران یەکێک بوو لە سەرەکیترین داواکارییەکانی و بە نەیاری ئەمەریکا دادەنرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە هەمیشە دژ بە خواست و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەجووڵێتەوە. بۆیە کارکردنی ئێران بۆ وەدەسهێنانی چەکی ناوەکی پەیوەندی بەو سیاسەتەی ئەمەریکاوە هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرانبەر بە ئێران، بۆیەش ئێران لە هەوڵی بەردوامدایە بۆ بەدەستهێنانی

چەکی ناوەکی و دواتریش ڕێگریکردن لە هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان ئەمریکا و ئێران (Gardner, 2005, p. 25).

پێنجەم، هۆکارێکی تر بۆ ئەو هەموو گرنگیدانەی ئێران بۆ بەدەستخستنی چەکی ناوەکی، دەگەڕێتەوە بۆ دروستکردنی هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل، چونکە هەبوونی چەکی ناوەکی لەلایەن ئیسرائیلەوە تەرازووی هێز بە لای ئیسرائیلدا دەشکێنێتەوە. ئەمە جگە لەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەمیشە کار دەکات و سیاسەتی خۆی خستۆتە خزمەت پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل بەرانبەر بە وڵاتەکانی دیکەی ناوچەکە، کە هەڕەشەن لەسەری، چونکە سەرانی ئیسرائیل توانیویانە ڕاستەوخۆ کار لە دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا بکەن، بەهۆی دروستکردنی گرووپی لۆبی ئیسرائیلی لەناو دامەزراوە بڕیاربەدەستەکانی ئەمەریکادا (Fawcett, 2005, pp. 15–22).

ئالنگاری و بەربەستەکانی بەردەم ڕێککەوتنی پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران

هەر دوای داکشانی شەڕی ئۆکرانیا، پرسی ناوەکیی ئێران هاتەوە بەرباس. بەشێکی بەهۆی ئەو هەڵاوسانەوە بوو کە داکشانی هەناردەکردنی نەوت و گازی ڕوسیا هێنایەکایەوە. بەشێکیش بەهۆی ئەوە بوو، کە پێش سەرهەڵدانی شەڕی ئۆکرانیا پرسی ناوەکیی ئێران لەسەر مێزی دانوستان بوو، کە بەهۆی شەڕەکەوە پەکی کەوت و دواجار سەریهەڵدایەوە. لەلایەکی ترەوە لە کاتێکدا کە هەڵاوسان لە ئەمەریکا بەرەو هەڵکشانە، ماڵپەڕی بلوومبێرگ لە ڕاپۆرتێکدا بڵاویکردووە، کەوا ئەمەریکا خەریکی پێداچوونەوەیە بە ٧ دانە لە سیاسەتە دەرەکییەکانیدا بۆ ئەوەی نرخی هەڵاوسان دابەزێنێ و "دەستەی ڤیتۆ" پێشنیازدەکەن یەک لەوانەش ئێرانە (Bloomberg, 2022).

لەم ڕێڕەوەدایە کە ئاژانسی وزەی ناوەکی لەم دواییانەدا ڕاپۆرتێکی نوێی بڵاوکردوە. ڕاپۆرتەکە باسی لە چالاکیی شاراوەی ئێران لە چەندین ناوچەی ئێران، وەرامین و تەرقوزاباد

و لەوانەش کوردستان (شاری مەریوان) کرد و داوای لە ئێران کرد لەم بارەوە ڕوونکردنەوە بدات (David Albright, 2022).

ڕۆژی ٣ی مانگی ژوئەنی ٢٠٢٢ ڕافائێل گرۆسی سەرۆکی ئاژانسی جیهانی وزەی ناوەکی بە سەردانێک گەیشتە ئیسرائیل. ئەمەش بووە هۆی نارەزایی ئێرانییەکان، چونکە لە سەروبەندی راپۆرتە نەرێنییەکەی ئاژانسەکەدا بەڕێوەچووە. هاوکات سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، نەفتالی بەنێت ئەوپەڕی نیگەرانیی خۆی دەربڕی بەرانبەر بە پلانەکانی ئێران، چونکە پێیوایە ئێران مەبەستی گەیشتنی بە چەکی ناوەکییە. ناوبراو داوا لە جیهان دەکات بە پەلە بگەنە پەیمانێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە و ئاماژەشی کرد، گەرچی ئیسرائیل دیپلۆماسی پێ باشترە، بەڵام ئەگەر بێت و نەتەوە یەکگرتووەکان نەگەنە ئەنجامی گونجاو لە کاتێکی گونجاودا، ئەوا ئەو وڵاتە مافی "خۆپاراستنی" خۆی بەکاردێنێ (Ariel Kahana, *et.al.* 2022).

شانبەشانی ئەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٦ مەکاوڵ و میکس سەرۆکی "کۆمیتەی کاروباری دەرەکی" کۆماریخوازەکان، لە نامەیەکدا داوایان کرد لە جۆ بایدن، کەوا داوا لە لایەنی ئێرانی بکەن بەندکراوانی ئەمەریکا لە ئێران ئازادبکەن (McCaul, 2022). ئەمەش بۆ خۆی گوشارێکی دیکەیە بۆ بایدن و گرێیەکی دیکەیە بۆ ئێرانییەکان بۆ پێکگەیشتن، کە هەر ئێستاش نارازین بە بڕیاری 'بە تیرۆر ناساندنی سوپای قودس'.

ڕێکخراوی (TFTC) واتە "ناوەندی دەسنیشانکردنی داڵدەدەرانی تیرۆریزم" ڕۆژی ٢٠٢٢/٦/٦ شازدە کەس و دامەزراوە و تاقمی وەک هاوکاریی تیرۆریزم ناساند، کە سێ کەسیان نزیکن لە سوپای قودسی ئێران (Treasury, US Department of the, 2022). ئەوانە بریتین لە عەلی قەسیر، مۆرتەزا هاشمی و مێقداد ئەمینی. وێڕای ئەوەش دوو تاقمی دیکەش بە ناوەکانی سرایا المختار و سرایا الأشتر بەحرەینی بە ڕێکخراوی تیرۆریستی ناسێندران، کە ئەمانیش وەک داروودەستەی سوپای قودس پێناسەکراون. جێی سەرنجە کە تاکە هۆکار بۆ بەتیرۆریستناساندنی ئەمانە؛ بریتییە لەوەی کە ئەمانە نزیکن لە سوپای قودس! واتە

سوپای قودس پێودانگە بۆ بەتیرۆریستناساندن و هەر کەس و لایەنێک لێی نزیکبێتەوە ئەو مەترسییەی لەسەرە. ئەمەش هاوئاهەنگ و تەبایە لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکا کە پێشووتر لە ٢٠١٦ ئەو رێکخراوەی وەک رێکخراوێکی تیرۆرستی ناساند. بێگومان ئەوەش ئاوی پاکی کردنە بە دەستی ئێراندا، کە دەستبەرداری مەرجەکەی خۆی (واتە لابردنی سوپا لە لیستی تیرۆر) و بۆ دانوستانەکانی دەبێ لە سەر تەوەرەی دیکەی جیا لە تیرۆریزم و سوپای قودس بدوێ.

لە کاردانەوە بەرانبەر بەم هەڵمەتانەی خۆرئاواییەکاندا، ئەمیر عەبدوڵاهیان وەزیری کاروباری دەرەکیی ئێران لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بۆ جۆزێف بۆرڵ بەرپرسی سیاسەتی دەرەکیی یەکیەتیی ئەوروپا، پێی راگەیاند هەر جۆرە دەستتێوەدارنێکی ئەمەریکا و ئەوروپا لە کاری ئاژانسی وزەی ناوەکیدا دەبێتە هۆی کاردانەوەی دەسبەجێ و کاریگەری ئێران.

ئەم هەنگاوانەی ولاتانی خۆرئاوا و بە تایبەتی ئەمەریکا دوای کۆمەڵێک هەنگاو دێت، کە ئێران هەڵیگرتووە و ئەمەریکا بە هیچ جۆرێک تەحەمولی ناکات. یەکەم بەستنی گرێبەستی ٢٥ ساڵە لەگەڵ چین بە بڕی ٤٠٠ ملیار دۆلار سەرمایەگوزاری لە بری هەناردەکردنی بەردەوامی نەوت (Myers, 2021)، کە وا دەکات بوونی چین و سیستەمی ئابووریی چین لە ئێران پێڕەو بکرێت، ئەمەش پێچەوانەی چاوەڕوانیی ئەمەریکایە. واتە ڕاکێشانەوەی سەرمایەکان لە خۆرئاوا، کە خۆی لە خۆیدا واتە چوون بەرەو سیاسەتەکانی نیۆلیبراڵیزم، لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە کۆنترۆڵی دەوڵەت و بانکی ناوەندی بەسەر سەرمایەکان و ئاراستەکردنی سەرمایە گوزارییەکاندا. باشترین بەڵگە بۆ ئەم ئیدیعایە، بریتییە لەوەی کە ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرکۆماری ئێران، لە ١ی مانگی ئایار ٢٠٢٢ ڕایگەیاند، کە لە کاتی هاوردەکردنی دانەوێڵە و باقی خواردەمەنییە سەرەکییەکاندا، چیتر یارمەتی درا و گۆڕینەوە نادات و لە بری ئەوە جۆرێک کۆپۆن/بایەعی بەرتەسک دەسنیشاندەکات. (Primer, 2022)

لەلایەکی ترەوە عەرەبستانی سعودییە خەریکی ئاساییکردنەوە و توندکردنەوەی پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ ئیسرائیل، ئەویش پاش ئەوەی ئێران لەگەڵ حیزبوڵای لوبنانی پەیوەندیی خۆی ئاساییکردەوە (Ravid, 2022).

سەرۆکی دەزگای ئەمنیی بەرگری پێشووی ئیسرائیل تەمیر هایمەن لە تویتەری خۆی لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٦/٥دا وتی:

کوڕانی دوو زاناکەی ئێران لەڕێی 'هێرشی سایبێری' زانیاری کۆکراوەتەوە و کارەکەی پێ ئەنجام دراوە... بەڵام لە درێژەدا دەڵێ: نابێ شتەکان وەک تاکتیکێکی جیاکراوە، بەڵکو لە چوارچێوەیەکی ستراتیژیکدا ببیندرێن. ئەمەش بەو مانایە دێت هەر هەنگاوێک لەو هێرشانە جیاکراوە نییە لە هەنگاوەکانی تر، بەڵکو توخمی ستراتژییەکی تۆکمەی لێکهەڵپێکراون. هەروەها لە تویتێکی خۆیدا سەبارەت بە هێرشی فرۆکەخانەی دیمەشق (Reuters, 2022) لە ڕۆژی ١٠ی مایس ٢٠٢٢دا دەڵێ:

"هێرشەکەی سەر فرۆکەخانەکە بەومەبەستە بووە، کە بە سووریا بڵێین کەوا دەستتێوەردانی ئێران لە سوریا چەندە تێچووی نێودەوڵەتیی هەیە بۆ ئێران (Hayman, 2022). ئەم هێرشە لە کردەوەدا سێ ئامانجی سەرەکی هەیە: یەکەم، ڕێگری لە چوونی تەقەمەنیی ستراتیژی، وەکو (سارۆخ و باڵەفڕی بێفڕۆکەوان) بۆ سوریا. دووەم؛ ڕێگری لە چوونی تەقەمەنی و پارە و تەکنۆلۆژیای وردکار بۆ گرووپە پرۆکسییەکانی ئێران لە لوبنان، وەکو حیزبولاّ. سێیەم، کار بۆ تێکشاندنی ئەو ژێرخانانەی کە ئێران بەردەوام دایدەمەزرێنێت بۆ دژایەتیکردن و لێدان لە دەوڵەتی ئیسرائیل".


لە درێژەشدا دەپرسێ:

"بۆچی ئەم هەنگاوانە لە ئێستادا گرنگن؟ چونکە ئێران کەوتۆتە ژێر گوشاری نێودەوڵەتییەوە...و ئێران بەردەوام ناسەرکەوتوو بووە لە لێدانی ئیسرائیل، ئەمەش بۆتە هۆی وەڕەزبوونی، بۆی هەیە هەڵبستێ بە تۆڵەسەندنەوەی

ڕاستەوخۆ و بە بەکارهێنانی خاکی سوریا بۆ تەقەی ڕاستەخۆ لەوێوە. هەربۆیە دەبێ فڕین لە ئێرانەوە بۆ سوریا ڕابگیردرێت."

دەپرسێ بۆچی دیمەشق ئەنترناسیونالە؟

"چونکە ئەوێ بۆ گواستەنەوەی شمەکی ئێران بەکارهاتووە....ئەسەد وەلام ناداتەوە، چونکە لاوازە و دەزانێ هەر پەرچەکردارێکیش بە گران لەسەر ڕژێمی سوریا دەوەستێ....ڕووسیاش تەنیا سەرکۆنەی دەکات و خۆی تێوەرنادا... ئێرانییەکان واز لە حیزبوڵا ناهێنن، بەلام واز لە سووریا دێنن، چونکە بۆ ئەوان سووریا گرنگە، بەلام حزیبۆلا زەروورییە".




(Hayman, 2022)

لە تویتێکی دیکەدا ئاموس یادلین سەرۆکی پێشووی هەمان دەزگا و بەڕێوبەری دامەزراوەی توێژینەوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، دەڵێ: ململانێیەکی شاراوە هەیە لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا. لە درێژەدا دەڵێ: ئەو کەسەی ڕاستەخۆ بەرپرسیار بوو لە پرسی قاسم سولێمانیدا ئێستا چیتر لەگەڵ ئێمە نییە.

یەکێکی تر لە گوشارەکانی سەر ئێران بریتییە لە پەیوەندیی کێبڕکێ/ دۆستایەتی لەگەڵ ڕوسیا. دوای شەڕی ئۆکراین ئیران بەشێکی بازاڕی چینی بۆ هەناردەکردنی نەوت و گازەکەی دۆڕاندووە، چونکە ڕوسیا بە هەرزانتر دەیفرۆشێ و بۆ گەڕانەوەی پارەکەشی "گەمارۆی پلەدووی" لەسەر نییە. ئەوە لە کاتێکدایە ئێران هەم بۆ هەناردەکردن و هەم بۆ گەڕانەوەی داهاتەکەی کێشەی هەیە (Aizhu, 2022).

خاڵێکی تری گوشارەکە، ئێران خاو دەکاتەوە لە گرێبەستە ناوەکییەکەی، بریتییە لە بێمتمانەیی سەرمایەی بیانی و ئێرانییەکان بۆ ئەوەی ڕووبکەنەوە، کە ئێران ترسیان هەیە لە ناجێگیریی سیاسیی وڵاتەکەیان. ئەزموونی پاش گرێبەستی ۲۰۱٥ سەلماندوویەتی، کە سەرمایەگوزاران ڕوو ناکەنە ئێران، چونکە لە گەمارۆی ئەمەریکا و ناجێگیریی سیاسیی ئێران و لە پێشێلکردنی مافیان لەلایەن خودی ڕژێمی ئێرانەوە دەترسێن. چونکە بەشێکی زۆری کۆمپانیا و بازاڕەکان بەدەست سوپای قودس و پاسدارانەوەن، ناوێرن بچنە ناو مامەڵە لەگەڵیان (Hanauer, 2015).

سەرباری ئەمانە ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە سەرلە نوێ سەربگرێتەوە، ئێران قازانجێک دەکات لەوەی، کە بڕێکی پارەی کە لە خۆرئاوا دەستیبەسەرداگیراوە وەربگرێتەوە. یەکێک لەوانە بریتییە لە ۷ ملیار دۆلار، کە لە کۆریای باکووردا دەستیبەسەرداگیراوە (Sinaee, 2022).

هەربۆیەش ئێران هەڕەشەی دەرچوون لە NTP واتە ڕێکخراوی تەشەنە نەسەندنی چەکی ناوەکی دەکات، بۆ ئەوەی بەرانبەر گوشاری ئەوان گوشارێک بخاتە سەر ئەمەریکا بۆ بنکۆڵکردنیان. ئێران هەر بەوەش نەوەستا بەڵکو پەیمانێکی نوێی ۲۰ ساڵەی لەگەڵ ڤێنیزوێلا واژۆکرد (France24, 2022).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە لە ئاستی جیهانیدا ئیسرائیل یەکەم لەمپەرە لەبەردەم "بههه"دا، دوای ئەوەش ئەمریکا و وڵاتانی خۆرئاوایی خۆ لەگەڵ ئەوان ڕێکدەخەن، چونکە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوەکی بە هەڕەشە نەک بۆ سەر خۆیان، بەڵکو جیهانیش دەزانن. لە ئاستی ناوچەییشدا هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی ئیسرائیل بۆ پێکهاتن لەگەڵ جیهانی عەرەبی و هاودڵییەکەیان، لەو چوارچێوەدا پێناسە دەکرێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە سیاسەتی دەستتێوەردەرانەکانی ئێران لە ناوچەکە و لە ئۆکراین لەلایەک و چالاکییە ناوەکییە شاراوەکانیشی لەلایەکی تر، فاکتەری زۆرن بۆ ئەم پێکنەهاتنە.

تا ئەو جێگەی دەگەڕێتەوە سەر ڕێککەوتنە ناوەکییەکەی ٢٠١٥ ناسراو بە "بەرنامەی هەمەلایەنەی هەڵمەتی هاوبەش"، «بههە» یان JCPOA ئیتر گەڕانەوە بۆی مەحاڵە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

یەکەم، ئێران بە مەرجێک ڕازییە، کە سوپای قودس لە لیستی تیرۆر دەربچێ. دووەم، ئەمەریکا نەک قودس لە لیستی تیرۆر لا نابات، بەڵکو هەر لەساڵی ٢٠٢٢دا سێ کەسی تازەی بۆ ئەم لیستە زیاد کرد، کە ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سوپای قودسەوە بوو. سێیەم، ئیسرائیل ڕێگرە بە هەموو جۆرێک، ئەمەریکا و ئاژانسی ناوەکیش ئەم ئەرخەیانییەیان داوەتێ.

بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە پێکهاتنێکی نوێ ناکرێت. جەیک سۆلیڤان ڕاوێژکاری کۆشکی سپی بۆ کاروباری ئاسایشی وڵات لە دوایین لێدوانی خۆیدا، دەڵێ:

> "لە ڕێڕەوێکی ترەوە بڕیارنامەیەکی تر لە ئارادایە بۆ بەرنامەی ناوەکیی ئێران، ئەویش لەڕێی سازش-بۆ-سازشەوە بۆ گەڕانەوە بۆ "بههە"، (House, 2022).

لە درێژەشدا دەڵێ:

> "لە ڕوانگەی ئێمەوە، ئێمە دەبێ ئەوانە وەک ڕێڕەوی جیا لە یەکتر ببینین و، کە بەمجۆرە ئێمە دەچینە پێش. چ لەم دانوستانکردنانەدا بێتە پێشەوە دەیبینین؟ بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە پێکهاتنێک لە بەردەستە کە گەڕانەوەی سازش-بۆ-سازش بۆ "بههە" کارا دەکات بەبێ ئەوەی بپەڕژێینە سەر پرسی دیکە. دەبێ ئێرانییەکان وەریگرن ئەگینا خۆیان بەرپرسیارن."

بەمجۆرە دەکرێت مژدەی پێکهاتنێک، کەوا هەردوولا سازش بکەن دەدات. ئاخۆ ئەم سازش بەرانبەر بە سازشە چ بێت؟ شانبەشانی ئەمانەش، ئاژانسی وزەی ناوەکی بڕیارنامەی لەسەر کارشکێنی ئێران دەرکرد و سەرکۆنەی ئێرانی کرد، کەوا لە جیاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و ڕوونکردنەوەی ناڕوونییەکان، هەنگاوی بەرەو ناڕوونیی زیاتر هەڵگرتووە و ئەمەش دەبێتە

هۆی قووڵتربوونەوەی قەیرانی ناوەکی و تەریک کەوتنەوەی زیاتری ئێران (Blinken, 2022).

ئەم هەنگاوەی ئێرانیش، بووە هۆی کاردانەوەی توندتری سێ وڵاتی ئەڵمانیا و فەڕەنسا و بەریتانیا، پێکەوە بڕیارنامەیەکیان دەرکرد (FederalForeignOffice, 2022)، کە تیایدا هەنگاوەکانی ئێران سەرکۆنە دەکەن، کەوا هاوکاریی ئاژانسی ناوەکی نەبووە. لە ئەنجامدا ئاماژەیان داوە بەوەی کە هەوڵدەدەن بۆ گێڕانەوەی ئێران بۆ "بهھە" تاکو دەرفەت ماوە. ئەم وڵاتانەش لە کاتێکدا ئەم ڕاگەیاندنە سێ قۆڵییەیان دەرکردووە، هیوای گێڕانەوەی ئێران بۆ "بهھە" دەخوازن، کە سەرۆککۆماری ئێران بە سوێندخواردنەوە هەڕەشەی کرد، کەوا کشانەوەیان مەحاڵە. سەرباری ئەو هەڵچوونەی ئیبراهیم ڕەئیسی، ئێران لە ٢٠٢٢/٠٦/١٤ لە وەڵامی پرسیارەکانی ئاژانسدا ڕوونکردنەوەی داوەتەوە بە ئاژانسی جیهانیی وزەی ناوکی (IRNA, 2022)، بەڵام ئاژانسیش وەڵامیداوەتەوە؛ وتوویەتی: "لە ڕووی تەکنیکییەوە بێکەڵکە".

خاڵێک دەبێ بۆ ئەمانە زیاد بکرێت، ئەوەیە کە ئێستا لە ٢٠٢٣ ئیتر بە دوو هۆکار "بهھە" بەو جۆرەی، کە هەبوو کۆتایی هاتووە: یەکەم لە بنەڕەتدا کەمتر لە ساڵێکی ماوە کە کاتەکەی بەسەر بچێ کە بریتی بوو لە ئۆکتۆبری ٢٠٢٣. خاڵێکی تازەش کە ئێستا هاتۆتە ئاراوە، بریتییە لە هاتنەئارای ڕاپەڕینێکەوە، کە لە ڕەوایەتیی کۆماری ئیسلامی کەمتر کردەوە، لەلای وڵاتانی خۆرئاوایی زیاتر بردۆتە ژێر پرسیار و بووەتە هۆی دەستبەسەراگرتنی سامانی زۆرێک لە سەرکردەکانی ئێران (European Council, 2022).

ئەم بزووتنەوە وایکردووە، کە خۆرئاواییەکان گەمارۆی زیاتر بخەنە سەر ئەو کاربەدەست و ڕێکخراوانەی [لەوانە گەشتی ئیرشاد] ئێران، کەوا دەستیان هەبووە لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەکەدا. تەنانەت ڕاسپێردراوی ئەمەریکا بۆ ئێران ڕۆبێرت مالی، وتی: "لە ئێستادا ئێمە کاتی خۆمان بە پرسی ناوەکییەوە بەفیڕۆنادەین، کاتمان بۆ شتێک تەرخان دەکەین، کە بەکەڵک بێت (AP and TOI STAFF, 2022). پێشووتریش وتەبێژی ئەمەریکا نێد پرایس، وتبووی: "ئێمە پشتیوانیی ئەو ڕاپەڕینە دلێر و بوێرەی ئێران دەکەین". تەنانەت جۆ

بایدن لە دەمی ترازادا، وتی: "ئێران ئازاد دەکەین"(The Cradle.co, 2022) و پاشان قسەکەی گۆڕی بۆ ئەوە، کە خەباتکارانی ئێرانی خۆیان خۆیان ڕزگار دەکەن. بەڵام سەرکۆماری ئێران وەڵامیدایەوە، وتی: "ئێران ٤٣ ساڵ لەوەوپێش ئازادکرا". کۆماری ئیسلامیی ئێران گرفتی بە فرۆشتنی فرۆکەی بێفڕۆکەوان بە ڕووسیا هاوکێشەکانی هێندەی تر ئاڵۆزکرد و بیانووی سازکردووە، بۆ ئەوەی پرسی "بهھە"ی لەلایەن وڵاتانی خۆرئاواوە هەڵپەسێردرێت (Psaledakis & Mohammed, 2023).

لەلایەکی ترەوە، ڕۆژی ٣ی مانگی ڕێبەندان ماڵپەڕی «اصلاحات نیوز» لە زمانی وەزیری دەرەوەی ئێران، حوسێن ئەمیر عەبدوڵڵاهییانەوە بڵاویکردەوە، کە: «ئەمریکاییەکان پێش ئەورووپاییەکان پەیامیان پێ داین بۆ ژیاندنەوەی "بەرنامەی هەڵمەتی هەمەلایەنەی هاوبەش"[بهھە] یان (JCPoA)» (Eslahatnews, 2022). کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەرفەتێک بۆ سازان لەسەر (بهھە) ماوەتەوە.

جیا لەمانەش، بێنجامین نەتانیاهوو ٦٤ کورسی لە ١٢٠ کورسیی پەڕلەمانی ئیسرائیلی بردووەتەوە (DW, 2022) و هاتە سەرکار. ناوبراو هەمیشە هەڵوێستی بەرانبەر ئێران توند بووە و یەکێک لە سەرکردەکانی ئەو وڵاتە بووە، کە ڕێگر بووە لە بە ئەنجامگەیاندنی "بهھە" چونکە پێی وایە بەرنامەی ناوەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاشتیانە نییە، بەڵکو سەربازییە و ئەمەش دەبێتە مەترسی لە سەر ئاسایشی ئیسرائیل و ناوچەکە (Freeman, 2022).

ئەنجام

سەرەتای بیرۆکەی بەدەستخستنی پرۆگرامی وزەی ئەتۆمی لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتانەی کە پەیوەندیی نێوان شای ئێران و ڕۆژئاواییەکان لەوپەڕی بەهێزیدا بوو. بۆیە ڕۆژئاواییەکان دەستپێشخەربوون بۆ بەدەستخستنی پرۆگرامی ناوەکیی ئێران، بەڵام دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا و هاتنە سەر دەسەڵاتی ڕژێمێکی نوێ، بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتە ئیسلامخوازەکانی ئێران و وڵاتانی خۆرئاوا، بە تایبەت ئەمەریکا، کە هەوڵیاندا نەوەک یارمەتیی

ئێران نەدەن بۆ بەدەستخستنی پرۆگرامی ناوەکی، بەڵکو بە هەموو توانایانەوە رێگری بکەن لەبەردەم کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ بەردوامیدان بە پرۆگرامەکە و پێشخسنی پرۆگرامەکە، چونکە دواتر دەبێتە هۆی بەدەستخستنی چەکی ناوەکی، کە ڕاستەوخۆ ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا دەخاتە مەترسییەوە.

تیۆری ڕیالیزمی نوێ یەکێکە لە گرنگترین تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە خوێندنەوەی باشی هەیە لەسەر پەیوەندیی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ وڵاتانی خۆرائاوا. بەوەی ئێران بەردەوامە بۆ بەدەستخستنی چەکی ناوەکی بۆ ئەوەی مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات لەم سیستەمە جیهانییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کاتێک ئێران هەوڵی بەدەستختنی هێزی لەڕادەبەدەر دەدات بەهۆی دەستخستنی چەکی ناوەکی، کە چەکێکی یەکلاکەرەوەیە لە هێزدا، ئەوا سیستەمی جیهانی، بە تایبەت کە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە پێکهاتەی سەرەکیی ئەم سیستەمە دادەنرێن، هەوڵی پێشگرتن و تەنانەت سزای دەوڵەتی ئێرانیش دەدات.

پێشخستنی پرۆگرامی ناوەکیی ئێران و بەدەسەتخستنی چەکی ناوەکی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، لەوەی ئێران دەیەوێت ببێتە دەوڵەتێکی ناوەند لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دواتر کاریگەریی خۆی هەبێت لەسەر تەواوی جیهانی ئیسلامی. ئەمە جگە لەوەی دەسەڵاتدارە نوێیەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵگری ئایدۆلۆژیای شیعەی ئیسلامین، کە بە هەموو شێوەیەک بیرۆکەی چەسپاندنی سیستەمی دیمۆکراسی لە وڵاتانی ئیسلامیی ڕەتدەکەنەوە. پاراستنی هاوسەنگیی هێز لەسەر ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناڤین یەکێکی ترە لە سیسەتی بەدەستخستنی چەکی ناوەکی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە تایبەت لەکاتێکدا هەردوو وڵاتی هەرێمی ئیسرائیل و پاکستان خاوەنی ئەم چەکەن.

وەک لەم توێژینەوەدا دەرکەوتووە، کۆماری ئیسلامیی ئێران پێویستی بەوە هەیە بە دەستڕاگەیشتنی وزەی ناوەکی و لەوەش گرینگتر چەکی ناوەکی. بەڵام فاکتەری ڕێگر لە

بەردەم بووژاندنەوەی "بههە" و پرسی ناوەکیی ئێراندا یەکجار زۆرن و دەشێ دۆخەکە بەرەو گرژی و ئەگەری شەڕ بترازێ.

بەبارێکی تریشدا دەکرێ بگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە خۆرئاوا و بە تایبەتی ئەمەریکا بەتیرۆرناساندنی چەندین سەرکردەی ئێرانی و ئەو تاقمە بەحرەینییانە و چەندان کەس و دامەزراوەی سەربازیی ئێران، دەیهەوێ یەک پەیام بدا بە ئەم وڵاتە؛ ئەویش ئەوەیە، کە واز لەو داواکارییانە بهێنێت، کە پرسی "سوپای قودسن" بە تایبەتی بە دەرهێنانیان لە لیستی تیرۆردا. لەلایەکی تریشەوە ئەمریکا بە ئاماژەدان بە "سازش-بۆ-سازش" هیوایان پێ دەبەخشێ، کە هەردووک لا لەسەر شتێک پێکبێین، کە پێویستمانە و ئەو شتەش پرسی بههە ناگرێتەوە. ئێمە پێویستمان بە نەوتە لە کورتخایەندا و ئێوەش پێویستتان بە فرۆشی نەوتە. ئێمە چاوپۆشی دەکەین لە فرۆشی نەوت لەلایەن ئێوەی ئێرانییەکانەوە، گەرچی ئێمەی ئەمریکا گەمارۆمان خستۆتە سەر. خۆ ئەگەر کۆماری ئیسلامیش زیاتر دەرفەت بدات بە ئاژانس بۆ چاودێریی وردتر، ئەوا باشترە بۆ هەردوولا و ئەگەری ڕێککەوتن زیاد دەبێت، ئەگەرنا، ئەوا بههە لە ساڵی ٢٠٢٣وە خۆی بۆخۆی کاتەکەی بەسەر دەچێت و مەودا بۆ ڕێککەوتنێکی تازە بە ناوەرۆکی تازەوە دەکرێتەوە.

ئەوەیە، کە ئاخۆ ئەم دوو گریمانە یەکێکیان سەردەکەوێت یاخود تێکەڵێک لە هەردووکیان تەرازووی هێزی ناو باڵەکانی ئێران و تەرازووی هێزی ناوچەیی و جیهانی زلهێزەکان یەکلادەکاتەوە.

BIBLIOGRAPHY

Gaffar, M. A., 2015. Iran As A Regional Power In West Asia. *World Affairs: The Journal of International Issues,* Autumn, 19(3), pp. 64-83.
Naji, K., 2008. *Ahmadinejad: The Secret History of Iran's Radical Leader.* 1 ed. London: New York: I.B. Tauris.
Fawcett, L., 2005. *International Relations of the Middle East.* 1 ed. New York: Oxford University Press.
Gardner, H., 2005. *American Global Strategy and the War on Terror.* 1 ed. England: Ashgate.
Shahidi, H. K. a. H., 2008. *Iran in the 21st Century: Politics, Economics and Conflict.* 1 ed. New York: Routledge.
Lappin, R. S., 2010. The Unique Challenges of Post-Conflict Democracy Assistance. *A Journal of Social Justice,* Apr-Jun, 22(2), pp. 178-183.
Zubaida, S., 1998. An Islamic State? The Case of Iran. *Middle East Report,* Tul-Aug, 153(Islam and the state ), pp. 1-7.
Goldhammer, A., 2016. *The American Prospect.* [Online]
Available at: https://prospect.org/justice/new-world-dis-order/
[Accessed 11 August 2022].
Fukuyama, F., 1992. *The end of history and last man.* 1 ed. New York: Macmillan.
Huntington, S., 1993. *The third wave: Democratization in the late twentieth century.* 1 ed. s.l.:University of Oklahoma Press.
Huntington, S., 1996. *The clash of civilizations and the remaking of world ord.* 1 ed. New York: Simon and Schuster.
Naji, K., 2008. *Ahmadinejad: The Secret History of Iran's Rdical Leader.* 1 ed. London: New York: I.B. Tauris.
Arm Control Association, 2022. *Arm Control Association.* [Online]
Available at: https://www.armscontrol.org/factsheets/JCPOA-at-a-glance
[Accessed 13 11 2022].
Bloomberg, 2022. *Bloomberg.* [Online]
Available at: https://www.bloomberg.com/news/videos/2022-06-06/-bloomberg-the-open-full-show-06-06-2022
[Accessed 13 8 2022].
David Albright, S. B. a. A. S., 2022. *Analysis of IAEA Iran Verification and Monitoring Report – May 2022.* [Online]
Available at: https://isis-online.org/isis-reports/detail/analysis-of-iaea-iran-verification-and-monitoring-report-may-2022
[Accessed 22 7 2022].
McCaul, 2022. *Meeks Release Statement Regarding U.S. Hostages Held in Iran.* [Online]

Available at: https://gop-foreignaffairs.house.gov/press-release/mccaul-meeks-release-statement-regarding-u-s-hostages-held-in-iran/
[Accessed 8 8 2022].
Treasury, US Department of the, 2022. *Terrorists Financing Targeting Center Members Jointly Designate a Broad Range of Financiers of Terrorism.* [Online]
Available at: https://home.treasury.gov/news/press-releases/jy0806
[Accessed 7 7 2022].
Myers, F. F. a. S. L., 2021. *China, With $400 Billion Iran Deal, Could Deepen Influence in Mideast.* [Online]
Available at: https://www.nytimes.com/2021/03/27/world/middleeast/china-iran-deal.html
[Accessed 9 6 2022].
Primer, T. I., 2022. *Explainer: Iran's Protests Over Food Prices.* [Online]
Available at: https://iranprimer.usip.org/blog/2022/jun/01/explainer-iran%E2%80%99s-protests-over-food-prices
[Accessed 22 7 2022].
Ravid, D. L., 2022. *White House announces Biden will visit Saudi Arabia, expects to meet crown prince.* [Online]
Available at: https://www.axios.com/2022/06/14/biden-meet-saudi-crown-prince-mbs
[Accessed 14 6 2022].
Reuters, 2022. *Syria halts flights to and from Damascus, hours after Israeli attack.* [Online]
Available at: https://www.reuters.com/business/aerospace-defense/syrias-damascus-airport-halts-flight-state-news-agency-2022-06-10/
[Accessed 11 6 2022].
Hayman, T., 2022. [Online]
Available at: https://www.bibguru.com/g/harvard-tweet-citation/
[Accessed 12 6 2022].
Aizhu, B. B. S. F. T. a. C., 2022. *More Russian oil going east squeezes Iranian crude sales to China.* [Online]
Available at: https://www.reuters.com/business/energy/more-russian-oil-going-east-squeezes-iranian-crude-sales-china-2022-05-19/
[Accessed 23 7 2022].
Hanauer, L., 2015. *Don't Scare Off Investors from Iran.* [Online]
Available at: https://www.rand.org/blog/2015/03/dont-scare-off-investors-from-iran.html
[Accessed 11 6 2022].
Sinaee, M., 2022. *US Won't Unfreeze Iran's Funds In Korea Unless Nuclear Talks Succeed.* [Online]

Available at: https://www.iranintl.com/en/202201050857
[Accessed 11 6 2022].
France24, 2022. *Iran, Venezuela sign two-decade cooperation deal: state media.* [Online]
Available at: https://www.france24.com/en/live-news/20220611-iran-venezuela-sign-two-decade-cooperation-deal-state-media
[Accessed 14 6 2022].
House, T. W., 2022. *Press Gaggle by Press Secretary Karine Jean-Pierre and National Security Advisor Jake Sullivan En Route Los Angeles, CA.* [Online]
Available at: https://www.whitehouse.gov/briefing-room/press-briefings/2022/06/08/press-gaggle-by-press-secretary-karine-jean-pierre-and-national-security-advisor-jake-sullivan-en-route-los-angeles-ca/
[Accessed 9 6 2022].
Blinken, A. J., 2022. *The IAEA Board of Governors Resolution on Iran.* [Online]
Available at: https://www.state.gov/the-iaea-board-of-governors-resolution-on-iran
[Accessed 15 6 2022].
FederalForeignOffice, 2022. *JCPoA: Joint statement from Germany, France and the United Kingdom.* [Online]
Available at: https://www.auswaertiges-amt.de/en/newsroom/news/joint-statement-jcpoa/2536642?pk_campaign=newsletter_Press_release_2022_06_09&pk_kwd=link_JCPoA%3A+Joint+statement+from+Germany%2C+France+and+the+United+Kingdom
[Accessed 10 6 2022].
IRNA, 2022. *Iran submits note to IAEA on DG report.* [Online]
Available at: https://en.irna.ir/news/84788193/Iran-submits-note-to-IAEA-on-DG-report
[Accessed 15 7 2022].
AP and TOI STAFF, 2022. *US Iran envoy: We're not wasting our time on the nuclear deal.* [Online]
Available at: https://www.timesofisrael.com/us-iran-envoy-were-not-wasting-our-time-on-the-nuclear-deal
[Accessed 2 11 2022].
The Cradle.co, 2022. *Raisi reminds Biden: 'Iran was freed 43 years ago'.* [Online]
Available at: https://thecradle.co/Article/News/17813
[Accessed 12 11 2022].
DW, 2022. *Benjamin Netanyahu wins majority in Israeli election.* [Online]
Available at: https://www.dw.com/en/benjamin-netanyahu-wins-majority-in-israeli-election/a-63643822
[Accessed 5 11 2022].

Freeman, C., 2022. *Netanyahu Ally Says Israel Will Attack Iran Absent a 'New Nuclear Deal'.* [Online]
Available at: https://news.antiwar.com/2022/11/04/netanyahu-ally-says-israel-will-attack-iran-absent-a-new-nuclear-deal/
[Accessed 5 11 2022].
Anon., n.d. s.l.:s.n.
The White House, 2018. *President Donald J. Trump is Ending United States Participation in an Unacceptable Iran Deal.* [Online]
Available at: https://trumpwhitehouse.archives.gov/briefings-statements/president-donald-j-trump-ending-united-states-participation-unacceptable-iran-deal/
[Accessed 16 3 2023].
Robinson, K., 2022. *What Is the Iran Nuclear Deal?.* [Online]
Available at: https://www.cfr.org/backgrounder/what-iran-nuclear-deal
[Accessed 16 3 2023].
Dunne, T., Kurki, M. & Smith, S., 2016. *International Relation Theories: Discipline and Diversity.* 4 ed. United Kingdom: Oxford University Press.
DONNELLY, J., 2005. Realism. In: 3, ed. *Theories of International Relations.* New York: Plagrave Macmillan, pp. 29-52.
Mearsheimer, J. J., 2009. *International Relations (Sage).* [Online]
Available at: https://www.mearsheimer.com/wp-content/uploads/2019/06/Reckless-States-and-Realism.pdf https://www.mearsheimer.com/wp-content/uploads/2019/06/Reckless-States-and-Realism.pdf
[Accessed 19 3 2023].
WALTZ, K. N., 1979. *Theory of International Politics.* 1 ed. California: University of California.
ELINA, 2022. *حجم تجارت ٦ میلیون دیناری ایران با اقلیم کردستان.* [Online]
Available at: https://www.ilna.ir/%D8%A8%D8%AE%D8%B4-%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF%DB%8C-4/1124352-%D8%AD%D8%AC%D9%85-%D8%AA%D8%AC%D8%A7%D8%B1%D8%AA-%D9%85%DB%8C%D9%84%DB%8C%D9%88%D9%86-%D8%AF%D9%84%D8%A7%D8%B1%DB%8C-%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%A8%D8%A7-%
[Accessed 13 11 2022].
Kant, I., 1795. *Toward Perpetual Peace.* [Online]
Available at:
http://www2.hawaii.edu/~freeman/courses/phil320/21.%20Perpetual%20Peace.pdf
[Accessed 15 1 2023].
Psaledakis, D. & Mohammed, A., 2023. *Reuters.* [Online]
Available at: https://www.reuters.com/world/us-targets-iranian-officials-abuse-

women-girls-2023-03-08/
[Accessed 31 3 2023].
Eslahatnews, 2022. *Eslahatnews.* [Online]
Available at: https://eslahatnews.com/آمریکاییها-زودتر-از-اروپاییها-به-ما-برای-بازگشت-به-برجام-پیام-دادند
[Accessed 29 3 2023].

## الملخص

إن الهدف الرئيسي من وراء هذه الدراسة هو إجراء تحقيق علمي حول ديناميات القضية النووية الإيرانية وآفاق التغييرالسياسي. يتمتع هذا الموضوع بأهمية بالغة؛ لأن البرنامج النووي الإيراني، يعد من أكثر القضايا إثارة للجدل فينطاق الشؤون الدولية في القرن الحادي والعشرين. يتبنى هذا البحث منهج التحليل السياسي، كما تم التعامل معبيانات الدراسة وفقا للمنهج النوعي. أيضا، إن الفرضية الرئيسية لهذه الدراسة هي: بينما تصر الجمهورية الإسلامية الإيرانية على حقها في تطوير برنامجها النووي للأغراض السلمية، فإن المجتمع الدولي يخشى أن تنوي إيران تطوير برنامج أسلحتها النووية لأغراض أخرى. لذلك، لا تستطيع إيران إقناع المجتمع الدولي بأنها لا تنوي امتلاك الأسلحة النووية، كما لا يمكن للمجتمع الدولي أن يسلك أي مسار دبلوماسي بهذا الشأن، بما في ذلك فرض العقوبات الاقتصادية لمنع إيران من تطوير قدراتها في مجال الأسلحة النووية. وبالتالي فإن كل هذه العوامل تحول دون تطوير الملف النووي الإيراني، ويمكن أن تؤدي الأمور إلى التوتر المتزايد واحتمال نشوب الحرب.